# وانەی ٩٨: بەهەشت

ئاشکراکردن ٢١، ٢٢

لە وانەی ڕابردووماندا دیراسەتی دۆزەخمان تەواو کرد، ئەو شوێنەی سزادان هەرگیز ڕاناوەستێ. دۆزەخ شوێنێکی سامناکە، بۆ شەیتان و فریشتەکانی دروست کراوە. ئەو شوێنەیە کە دەبێت هەموو ئەوانەی ڕێگای ڕزگار بوون پشت گوێ دەخەن بچنە ناوی و جیابوونەوە لەگەڵ خودا تاهەتا! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: **هەر کەسێک ناوی لە پەرتووکی ژیاندا نەدۆزرێتەوە نووسراوە، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە!** (ئاشکراکردن ٢٠: ١٥)

بێ گوومان دۆزەخ ئەو باسە سامناکەیە کەوا مرۆڤـ دەتوانێ بەوردی بیری لێ بکاتەوە. بەڵام ئەمرۆ پلانمان وایە تەماشای یەکێك لە هەرە باسە سەرسوڕهێنەرەکان بکەین کەوا گیانی مرۆڤـ بتوانێ بیری لێ بکاتەوە، ئەو باسەش باسی ئاسمانە یاخود بەهەشت.

خەڵك جۆرەها بیرۆکەیان هەیە سەبارەت بە بەهەشت و پیاو چی بکات بۆ ئەوەی بچێتە بەهەشت. بۆ نموونە، ئەوانەی سەر بە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتن باوەڕیان وایە کە چەن بە هەشتێك هەیە و پلەی خۆشییان جیاوازە و ئەو شوێنەی هەر کەسێك بۆی دەڕوا پشت بە کردەوەی دەبەستێ. هەندێکی تر پێیان وایە خەڵك دەبێت یەکەم جار بە دۆزەخ بڕوات و لەپاش ئەوەی قەردی گوناهەکانی دایەوە دەگوازرێتەوە بەهەشت. هەندێکی تر هەیە پێیان وایە بەهەشت شوێنێکە خودا بۆ ئەو کەسانەی گرتووە کەوا دڵسۆزن لە ئەرکە ئایینیەکانیان و بەهەشت شوێنێکە کە خەڵك دەتوانن بخۆن و بخۆنەوە و خۆشی تام بکەن. مرۆڤـ بێ گومان بیرۆکەی زۆری هەیە دەربارەی بەهەشت و چۆنیەتی گەیشتن بۆ ئەوێ. بەڵام، ئەوەی گرنگە لامان ئەمڕۆ ئەوە نیە خەڵکی چ بیرۆکەیەکیان هەیە دەربارەی بەهەشت، بەڵکو ئەوەی خودا دەیفەرموێ دەربارەی لە ووشەی پیرۆزی خۆی!

بەهەشت زۆر ناوی هەیە لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران. پێی دەوترێ: ئاسمان، تەختی خودا، حزووری خودا، ماڵی خودا، شوێنی نیشتەجێی خودا پیرۆز، شاری پیرۆز، شاری خودای زیندوو، ئۆرشەلیمی ئاسمان، ماڵی فریشتە پیرۆزەکان و بەرخەکە، حزووری پەروەردگار عیسا و شکۆمەندە مەزنەکەی، و ماڵی خەڵکی خودا، ئەوەی ناویانی لە بەهەشت نووسیوە. پەروەردگار عیسا بە بەهەشتی دەوت، (ماڵی باوکم) لەبەر ئەوەی ئەو لەوێ بوو پێش ئەوەی لە دایك بێت لەسەر زەوی.

بە کورتی، بەهەشت شوێنی نیشتەجێی خودایە. وەك بینیمان، خودا لە هەموو شوێنێکە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی دیاریکراو هەیە کە پیرۆز و بە تیشك و جوانە، زۆر لە ئەستێرەکان دوورتر، کە خودا لێی نیشتەجێە لە شکۆمەندی خۆی. ئەو شوێنەیە کە عیسای کوڕی باڵادەسترین لەسەر تەختەکەی دانیشتووە، لە دەستە ڕاستی باڵادەسترین، چاوەڕوانە تاکو دەگەڕێتەوە جیهان بۆ ئەوەی دادوەری بکات و نوێی بکاتەوە. هەروەها، بەهەشت ئەو شوێنەیە کە هەزاران و هەزاران فریشتە چوار دەوری تەختەکەیان گرتووە، پێکەوە لەگەڵ ئەو خەلکانەی خودا ڕزگاریانی کرد بۆ خۆی لە ڕێگای خوێنی بەرخەکە، پەروەردگار عیسای مەسیح.

لە کۆتایی پەرتوکی ئینجیل، لە دوو بەشی کۆتایی پەرتوکی بینین، خودا بینینێکی بەخشی بە قوتابی خۆی یۆحەنا، بینینێك کەوا شاری پیرۆزی بەهەشتی پێ نیشان دا، کەوا پەروەردگار درووستی کردووە بۆ ئەوانەی ناویان نووسراوە لە پەرتوکی ژیانی تاهەتا. با بخوێنین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی شاری بەهەشت.

(ئاشکراکردن ٢١) **[10] بە ڕۆح بردمی بۆ چیایەکی گەورە و بەرز، شارە پیرۆزەکەی پیشاندام... [11] شکۆی خودای هەبوو، درەوشانەوەی وەک گرانبەهاترین بەرد، وەک یەشب، ڕوون وەک کریستاڵ. [12] شوورەیەکی گەورە و بەرز و دوازدە دەرگای هەبوو، لەسەر دەرگایەکان دوازدە فریشتە هەبوو...**

**[16] شارەکە بەچوار گۆشەیی داندرابوو، درێژییەکەی هێندەی پانییەکەی بوو... [19] بناغەکانی شوورەی شارەکە بە هەموو بەردێکی**

گرانبەها ڕازاندرابۆوە... [٢١] دوازدە دەرگایەکەش دوازدە مروارین، هەر دەرگایەک لە یەک دەنکە مرواری بوو. شەقامی شارەکە لەزێڕی ساف بوو وەک شووشەی ڕۆشن. [٢٢] پەرستگام تێیدا نەبینی، چونکە خوداوەند خودای هەرە بەتوانا لەگەڵ بەرخەکە پەرستگای ئەون. [٢٣] شارەکەش پێویستی بەخۆر و مانگ نییە بەسەریدا بدرەوشێنەوە، چونکە شکۆی خودا ڕووناکی کردۆتەوە و بەرخەکە چرایەتی. [٢٤] نەتەوەکان بە ڕووناکییەکەی دەڕۆن... [٢٥] دەرگایەکانی بەڕۆژ هەرگیز داناخرێن، چونکە شەو لەوێدا دانایەت... [٢٧] هیچ شتی گڵاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن، بەڵکو تەنها ئەوانەی کەناویان لە پەرتووکی ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە.
(ئاشکراکردن ٢٢) [١]پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پرشنگدار وەک کریستاڵ، لە تەختی خودا و بەرخەکە و [٢] بە ناوەڕاستی شەقامی شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا درەختی ژیان ڕوابوو کە دوازدە جۆر بەرهەم دەدات، هەر مانگێک بەرهەمی خۆی دەدات...[٣] ئیتر هیچ نەفرەت نامێنێت (ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن.)
(ئاشکراکردن ٤: ٢١) تەختی خودا و بەرخەکەش لەناو شارەکەدا دەبن، بەندەکانی خزمەتی دەکەن و [٤] ڕووی دەبینن و ناوی لەسەر نێوچەوانیانە. [٥] لەوێ شەو دانایەت و پێویستییان بەچرا و ڕووناکی خۆر نابێت، چونکە خوداوەند، خودا بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و تاهەتایە حوکمڕانی دەکەن.

بەو شێوەیە خودا شاری پیرۆزی بە یۆحەنا نیشان دا، کەوا ئامادەی دەکات بۆ ئەو کەسانەی ڕێگای ڕزگاربوونیان هەڵبژارد. لەو کاتەی ئەمڕۆ ماومانە، با بیربکەینەوە لەوەی خودا دەیفەرموێ لە ووشەی سەبارەت بەو ڕێگایەی بەرەو بەهەشت دەمانبات. چۆن دەتوانین دڵنیا بین کە دەچینە بەهەشت و ناچینە دۆزەخ؟

لە بیرتە عیسای مەسیح چی بە قوتابییەکانی فەرموو سەبارەت بە ماڵی خودا و ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەوێ دەڕوات؟ پێیانی فەرموو:
(یۆحەنا ١٤) [١] دڵتەنگ مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن. [٢] ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، ئەگینا پێم دەووتن. من دەڕۆم تاکو شوێنتان بۆ ئامادەبکەم. [٣] جا کەڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. [٤] ئێوەش ڕێگای ئەو شوێنەدەزانن کە بۆی دەچم... [٦]منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک بە هۆی منەوە نەبێت.

ئەوە ئەوەیە کە عیسای مەسیح فەرمووی. ئەو خۆی ڕێگاکەیە. هەرکەسێك لە ڕێگای کوڕی باڵادەسترین نەیات، کەوا ڕزگاری دەری پیرۆزە، هەرگیز ناچێتە ناو حزووری پیرۆزی خودا! هەرگیز! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ:
بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لەژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەووەوە پێویست بکات ڕزگار بین.
(کرداری نێردراوان ٤: ١٢) چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، عیسای مەسیحی مرۆڤ، ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد. (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦)

عیسای مەسیحی نێوانگر، ئەوەی کەوا لە خوداوە هات، **ڕێگای ڕزگاربوونە** کەوا بەرەو بەهەشت دەمانبات. لە پێناوی هێنانی گوناهباران بۆ لای خودا، مەسیح بۆناو جیهان لە دایك بوو و ژیانێکی پیرۆز ژیا لەسەر زەوی، خوێنی خۆی ڕشت وەك تەواوترین قوربانی بۆ گوناە، و پاشان لە ڕۆژی سێیەم دا هەڵسایەوە لە مردن. کەس ناتوانێ بێتە لای خودا جگە بەڕێی ئەوە نەبێت. باوەڕت بەوە هەیە؟ ئایا دەبینی کە عیسای مەسیح تاکە ڕێگایە کەوا گوناهباران دەباتە حزووری خودا؟ ڕەنگە بتوانین بە چیرۆکێکی کورت بۆتان ڕوون بکەینەوە.

پیاوێك لە گوندێکی بچووك دەژیا دوور لەناو دارستان. ئەم پیاوە سەر بە هۆزێك بوو کەوا جلیان لەبەر نەدەکرد. تەنها شتێکیان وەك پشدێن لەناوقەدیان دەبەستا. ئەم پیاوە پارچە زەوییەکی هەبوو کەوا زەرعاتی لێ دەکرد، بەڵام کەسێکی بەهێزتر لەو هات و زەوییەکەی لێ داگیر کرد و هیچی شوێنێکی نەما زەرعاتی لێ بکات. کەس یارمەتی نەدا زەوییەکەی وەربگرێت لەبەر ئەوەی هیچی

نەبوو بیانداتێ.

ڕۆژێك ئەو بیرەی بۆ هات بچێتە پایتەخت بۆ بینینی سەرۆك، ڕابەرە ئەو خاکە و داوای لێ بکات یارمەتی بدات، لەبەر ئەوەی گوێی لێ بوو فەرمانڕەوایە کە کەسێکی دادپەروەر و بەبەزەیی بوو. بۆیە هەڵسا و ڕۆیشت و ڕۆیشت تاکو گەیشتە شارێکی گەورە و کۆشکی سەرۆکایەتی. چ خانووەکی گەورە و جوانە! کاتێ گەیشتە دەروازەی کۆشکەکە، هەوڵی دا بڕواتە ژوورەوە بەو پیسی و ڕووتییەی، پاسەوانێك پێی دەڵێ، (تۆ کاکە! ئەوە بە تەمای چی بکەی؟!) ئەویش دەڵێ، (دەمەوێ سەرۆك ببینم.) پاسەوانەکەش پێی دەڵێ، (وەی گیان، پێت وایە هەرکەسێك بیەوێ دەتوانێ بچێتە ژوورەوە؟ تەماشای خۆت بکە! نازانی تۆ ناتوانی بە ڕووتی و پیسی بێیتە ئێرە؟ برۆ لێر ئەگەر نا دەکەمە زیندان!)

بۆیە پیاوە هەژارەکە ڕووی خۆی وەرگێڕا و ڕۆیشت، بەڵام بێ ئومێد نەبوو. ڕۆیشت و لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ پاڕایەوە. پاشان هەندێ جل و بەرگی هەرزان بەهای کڕی و خۆی شوشت و دووبارە چووە کۆشکی فەرمانڕەوا. کاتێ گەیشتە دەروازەکە، پاسەوانەکە پێی ووت، (جلت لەبەرە، بەڵام جلەکانت بەکەڵك ئەوە نایەن بیەڵم بچیتە پێش فەرمانڕەوای خاکەکە. و تەنانەت ئەگەر جلەکانت باشیش بن، ناتوانی بچیتە ژوورەوە چونکە دەبێت ئیزنی تایبەتیت هەبێت بۆ ئەوەی بچیتە ناو ماڵی فەرمانڕەوا. هیچ مافت نیە بچیتە ژوورەوە، برۆ!)

لەو کاتە پیاوەکە بێ ئومێد بوو و وتی، (سوودیکە بوو؟ لەپاش ئەو هەموو کێشانەی بەسەرم هات، هێشتا ناتوانم نزیکی فەرمانڕەوای خاك ببمەوە!) هیوای نەما، لە قەراغی ڕێگاکە دانیشت بە پەژارەیەکی زۆرەوە. بەڵام کاتێ ئەم هەموو شتە ڕوویدەدا، فەرمانڕەوای خاکەکە بینی. کوڕە گەورەکەی فەرمانڕەواکەش لەوێ بوو. فەرمانڕەواکە بە کوڕەکەی ووت، ( برۆ بزانە ئەو پیاوە چی دەوێ.) کاتێ کوڕی فەرمانڕەواکە چووە لای پیاوەکە، لە تەنیشتی دانیشت و پێی ووت، ( گەورەم، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ چی تۆی هێناوەتە ئێرە و بۆ ئەوەندە تورەی؟) پیاوەکەش پێی ووت، (دەمەوێ فەرمانڕەوای خاك ببینم، بەڵام مەحاڵە. هەموو هەوڵەکانم بێ سوود بوون!)

کوڕە گەنجەکەش پێی ووت، (من کوڕی فەرمانڕەوای خاکم، و باوکم منی ناردە ئێرە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم. دوام کەو.) ئیتر لەگەڵ ڕۆیشتە لای دەروازی کۆشکەکە. کاتێ گەیشتنە لای پاسەوانەکەی وا پێشتر ڕێگای لەپیاوە هەژارەکە گرت و نەیهێشت بچێتە ژوورەوە، پاسەوانەکە تەحییەی بۆیان وەرگرت بە ڕێزێکی زۆرەوە کاتێ بەناو دەروازەکە ڕۆیشتن بەرەو گۆڕەپانی کۆشکەکە. کوڕەکە جلێکی جوانی دا بە پیاوە هەژارەکە بیکاتە بەری، و پێکەوە چوونە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی. بۆیە پیاوەکە توانی بچێتە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی و فەرمانڕەوای خاك ببینێ، لەبەر یارمەتی و دەسەڵاتی کوڕی فەرمانڕەوا.

بەو شێوەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بچنە بەهەشتەوە، کۆشکی پاشای پاشایان. خودا فەرمانڕەوای گەردوون باڵادەست و پیرۆزە. ناتوانین بچینە ناو حزووری شکۆداری ئەوە بە هەر چ شێوەیەك بێت! کردەوەکانی خۆمان هەرگیز ناتوانن بمانبەنە ژوورەوە بۆ لای حزووری ئەو. هەمووومان وەك پیاوە هەژارەکەین کەوا هەوڵی دەدا بچێتە حزووری سەرۆك بەکردەوە لاوازەکانی خۆی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو. (ئیشایا ٦٤: ٦) هیچ شتی گڵاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن! (ئاشکراکردن ٢١: ٢٧)** کەس ناتوانێ بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزە جگە لەو کەسە پیرۆزەی لەوێوە هات! ئەو کەس پیرۆزە عیسای مەسیحە، کوڕی تاهەتای باڵادەسترین، بەرخی خودا کەوا لە بەهەشتەوە هات و مرد وەك قوربانی بۆ ئەوەی گوناە لابدات، لە مردن هەڵسایەوە و گەڕایەوە بەهەشت!

باشە، کێ دەتوانێ بچێتە بەهەشتەوە؟ تەنها ئەو کەسانەی لە ڕێگای باوەڕ بە عیسای ڕزگاری دەرەوە پاککرانەوە و ئەو خوێنەی ڕشتی. تەنها ئەو کەسانە دەچنە بەهەشت! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: **بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر**

**ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لەشکۆی خودا کەوتن، بەخۆڕایی بەنیعمەتی ئەو بێتاوان کراون، بەو کڕینەوەیەی لەعیسای مەسیحدایە، ئەوەی خودا وەک کەفارەت پێشکەشی کرد، بەباوەڕهێنان بەخوێنی ئەو.** (ڕۆما ٣: ٢٢–٢٥) **ئەگەر شایەتی خەڵک وەردەگرین، ئەوا شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمەیە شایەتی خودایە سەبارەت بەکوڕەکەی داویەتی. ئەوەی باوەڕ بەکوڕی خودا بهێنێت ئەم شایەتییە لەخۆیدا هەیە. ئەوەی باوەڕ بەخودا نەکات خودا بەدرۆزن دادەنێت، چونکە باوەڕ بەو شایەتییەناکات کەخودا سەبارەت بەکوڕەکەی داویەتی. ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی تاهەتایی پێ داوین و ئەو ژیانەش لەکوڕەکەی دایە. ئەوەی کوڕەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوڕی خودای نەبێت، ژیانی نابێت. ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کەباوەڕتان بەناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە.** (١ یۆحەنا ٥: ٩–١٣)

دەزانی ژیانی تاهەتاییت هەیە؟ ئایا دڵنیای کە دەچیتە بەهەشت و دڵ خۆش دەبیت لە حزووری خودا تاهەتا؟ ئایا باوەڕت بەناوی کوڕی خودا هێناوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتوکی ژیانی بەرخەکە؟

زۆر بەوردی بیر بکەوە لەوەی خوێندمانەوە، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ ناوەڕۆکی ئەمانەت بداتێ.

خودا بەرەکەدارت بکات وەك بیر دەکەیتەوە لەم ئایەتە سەرنج ڕاکێشەی ووشەی پیرۆزی: **ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، گوێ نەیبیستووە و بەبیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت!** (١ کۆرنسۆس ٢: ٩)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن دەتوانین دڵنیا بین کە دەچینە بەهەشت و ناچینە دۆزەخ؟

٢. لە بیرتە عیسای مەسیح چی بە قوتابییەکانی فەرموو سەبارەت بە ماڵی خودا و ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەوێ دەڕوات؟

٣. ئایا دەبینی کە عیسای مەسیح تاکە ڕێگایە کە گوناهباران دەباتە حزووری خودا؟ باوەڕت بەوە هەیە؟

٤. کێ دەتوانێ بچێتە بەهەشتەوە؟

٥. دەزانی کە ژیانی تاهەتاییت هەیە؟

٦. ئایا دڵنیای کە دەچیتە بەهەشت و دڵ خۆش دەبیت لە حزووری خودا تاهەتا؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org